زانكۆی سلێمانی
كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی كۆمەڵایەتی

## جـــوگـــرافیـــای

# ئۆراســــــیا

ئامادەكردنی :

**مامۆستا سەلاح قەیتولی**

2009-2008

# بەشی یەكەم :

# كیشوەری ئاسیـــــا

## پێشەكی

خوێندكاری ئازیز .. ئەمەی بەردەستت كورتكراوەی بەشێكە لەوانەكانی بابەتی ( ئۆراسیا ) كە پێشتر لەساڵەكانی( 2004-2000 )بەخوێندكارانی قۆناغی دووەمی بەشی جوگرافیای كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەكان وتراوەتەوە .. ناورۆكی ئەم زانیاریانە بەپشتبەستن بە كۆمەڵێك سەرچاوەی زانستی ئەكادیمی ئامادەكراوە وە لەلایەن مامۆستای پسپۆڕ لە زانكۆكانی ( ئێراق ومیسر و وولاتانی ترەوە دانراوە .. )
.

ئۆراسیا وەك پێناسە ووشەیەكی یۆنانیە واتاكەی هەردوو كیشوەری ئاسیا و ئەورووپا بەیەكەوە دەگەیەنێ ، وە لەڕووی جوگرافیاشەوە زانایان لەوانە( ئەلكسندەر همبۆڵت ) پێیان وایە ووشكانی ئەورووپا تەواوكەری ووشكانی ئاسیایە ، یان تەواو كەری یەكترن ، هەروەها دەڵێن ئەورووپا دوورگەیەكە لەووشكانی ئاسیاوە بەرەو خۆرئاوا درێژ بۆتەوە .... بۆیە هەردوو كیشوەرەكە پێكەوە باس دەكرێن و پێیان دەوترێت ( ئۆراسیا ) ، بەشی یەكەمی ئەم بابەتە كیشوەری ئاسیا لەخۆ دەگرێت ، سەرەتا بەشێوەیەكی گشتی پێكهاتەی جیولۆجی و تۆپۆگرافیا و سەرجەم رۆاڵەتە سروشتیەكانی تر ( Land scape ) باس دەكرێن ، دواتر بارودۆخی ئاو وهەوا و دابەش بوونی هەرێمەكانی لەناوچە جیاجیا كانی كیشوەرەكە باسكراوە ،وە هەر لەم بەشەیەشدا دانیشتوانی ئاسیا لە ڕووی ژمارە و دابەشبونیان لەنێو ولاتانی كیشوەرەكەدا باسیان لێوەكراوە، وێڕای باسكردنی پێكهاتەی ڕەگەز ونەتەوەو ئاینەجیاوازەكان ، وایش بە پێویست زانرا باسی رووەكی خۆڕسك و جۆرەكانی خاك لەكیشوەرەكە نەكرێت لەبەر كەمی كاتی وانەكان چونكە هەردوو بابەتی ناوبراو زۆر سەرەكی و گرنگ نین ... لە كۆتایی ئەم بەشەدا وەكو لێكۆڵینەوەكی جوگرافیای هەرێمی وەكو نموونە باس لەوولاتی هندستان دەكرێت چونكە زۆربەی جوگرافی ناسان پێیان وایە هندستان مۆزەخانەیەكی بچوككراوەی هەموو كیشوەری ئاسیایە..

بەشی دووەمی ئەم بابەتەیش باس لە كیشوەری ئەوروپا دەكات بەهەمان چەشنی ئاسیا واتە زانیاری لەسەر كیشوەری ئەوروپا دەخاتە ڕوو لەڕووی پێناسەو شوێن و سنور و رووبەر لەلایەكەوە ، وەلەسەر جیۆلۆجیا و تۆپۆگرافیا و ئاو هەواو دەرامەتی ئاو لەلایەكی ترەوە ..

ئومێدەوارم خوێنەرە ئازیزەكا سوودی لێوەربگرن ...

مامۆستای وانە

سەلاحەدین ئەنوەر قەیتولی

# ئـــــۆراسیـــــا

## یەکەم : کیشوەری ئاسیا

### پێناسە :

ووشەی ئاسیا زۆرکۆنە لەلایەن یۆنانیەکۆنەکانەوە ناونراوە واتە( گریسەکان ) ، مەبەستیان لەم ناوە بە بەشی خۆرهەلاتی وولاتی یۆنان ووتراوە، بیرورای واهەیە دەلێ ئەم ووشەیە لە بنەرەتدا لە ووشەی ( ئاسۆووەوە ) ( Asu ) هاتووەکە لە لایەن ئاشۆریەکانەوە واتای خۆرهەلات ئەگەیێنی،وە لێکدانەوەیەکی تر هەیە کەگوایە ووشەی( ئاسیا ) نازناوێکی ناوخۆییە بە دەشتی ( ئیڤسس )ی یۆنان ووتراوە دوواتر ئەو ناوە بە هەموو سەرزەمینی ئەنادۆلْ وتراوە بەرەبەرە بەشەکانی تری ئاسیا بەو ناوە ناسراوە ، سەبارەت بەناوی( ئۆراسیا )ش جوگرافی ناسی ناودار( ئەلیکزەندەر هەمبولت ) یەکەم کەس بووە ئەو ناوەی بەکارهێناوە بۆ هەردووکیشوەری( ئاسیا و ئۆروپا ) چونکە ئەو زانایە پێ وایە هەردوو کیشوەرەکە یەك پارچەن وبەیەکەوە بەستراونەتەوە ، هەروەها پێ وایە پلێتی ئوروپا لە رووی جیۆلۆجیەوە بەشێکی دانەبراوە لە ئاسیا .

### رووبەری کیشوەری ئاسیا و شێوەکەی :

ئاسیا بەگەورەترین کیشوەری جیهان لەقەلەم ئەدرێت و لە( 30٪ ) رووبەری ووشکانی گۆی زەوی پێك دێنێت کە دەکاتە( 16750000 )میلی دووجا بەرامبەر بە( 45.687.800 )کیلومەتری دووجایە، ئەم رووبەرە بە یەکجار و نیوئەوەندی کیشوەری ئەفەریقایە، کە بە دووەم کیشوەری لە جیهان لەقەلەم ئەدرێت، هەروەها رووبەری ئاسیا( 5.7 )جار ئەوەندەی کیشوەری ئوسترالیایە.

کەنارەکانی کیشوەری ئاسیا درێژترین کەناری جیهانن بەهۆی سروشتی پێکهاتەی دوورگەیی ونیمچەدوورگەییەوە ، بەشێکی زۆر لەرووبەرە ئاوییەکانی دەرەوەی کیشوەری ئاسیا کشاویانە بەرەو ناوەوەی ووشکانی، بۆیە ژمارەیەك دەریاو کەنداو لە نزیك کەنارەکان دەردەکەون لەوانە ( دەریای بێرنگ، دەریای ئوختسك، دەریای یابان، دەریای زەرد ، دەرەیای چینی خۆرهەلات، دەریای چینی باشور، کەنداوی سیام، دەریای جاوە )، ئەمانە هەمویان لەقەلەمرەوی زەریای ئارامن، هەروەها کەنداوی بەنگالْ، دەریای عەرەبی کەنداوی عومان، کەنداوی فارس- عەرەبی، کەنداوی عەدەن و دەریای سوور ، ئەمانەش هەموویان لەقەلەمرەوی زەریای هیندی ین.

کەنارەکانی دەریای قەزوین و دەریا ( رەش ) یش دابەش ئەبن لەنێوان هەردو کیشوەری ئاسیا و ئوروپا لەگەلْ کەنارەکانی دەریای ناوەراست کە کورتن و دابەش ئەکرێن لەنێوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئۆروپا.

سەبارەت بە شێوەی ئاسیا زیاتر ئاسیا بەتایبەتی بەشی ناوەڕاستی لە شێوەی چوارگۆشەیە و سەنتەرەكەی دوورە

سنووری ئاسیا :

كیشوەری ئاسیا لە سێ لاوە بەزەریا دەورە دراوە لەباكوورەوە زەریای بەستەڵەكی باكورە و لەباشورەوە زەریای هیندی یە و لەخۆر هەلاتیش زەریای ئارامە، بەلام لەخۆرئاواوە ووشكانی ئاسیا بەدەوام ئەبێت هەتا زنجیرە چیای ئۆراڵ جیای ئەكاتەوە وە لەگەڵ كیشوەری ئوروپا، بەگشتی بەشی خۆرئاوای كیشوەری ئاسیا لەگەڵ ئەوروپا روون نیە، سەرەتا لە باكورەوە چیای ئۆراڵ جیای ئەكاتەوە دوواتر سنوورەكە بەئاراستەی باشووری خۆرئاوا دەڕوات تا دگاتە كەنارەكانی باكووری دەریای قەزوین دوواتر رووئەكاتە باشووری خۆرئاواو بەرەوچیاكانی قەوقاز كە بەشێك لە سنوورەكەی پێك دێنێت هەتا دەگاتە سەر دەریای رەش وهەروەها كەنارەكانی خۆرئاوای توركیا لەگەڵ ئاسیا لە ئەوروپا جیا ئەكاتەوە دوواتر كەنارەكانی خۆرئاوای توركیا لەگەڵ ئاسیا ئوروپا جیائەكاتەوە دوواتر كەنارەكانی وولاتانی شام كەدەكەونە سەرە دەریای ناوەراست دوواتریش كەنالی سویس و دەریای سوور ، ئاسیا لە كیشوەری ئەفەریقیا جیا ئەكاتەوە .

شوێنی جوگرافی ( ئەسترۆنۆمی ):

ئاسیا لەنێوان هەردوو بازنەی پانی( 10 ) پلەی باشوور و( 82 )پلەی باكووری هێڵی یەكسان ، واتە لەباكوورەوە تاكو باشوور( 92 ) بازنەی پانی درێژ دەبێتەوە.

دووترین خاڵ لە باكووری كیشوەرەكە دورگەی( زیمیلیا سفیرینا )یە كە ناسراوە بە سەرزەمینی باكوور لەنێوان زەریای بەستەڵەكەو هێڵی بازنەی ( 82 ) پلەی باكوور لەوێ تێپەر ئەبێ .

هەروەها دوورگەی( تەیمور)دووترین خاڵە لەباشووری كیشوەرەكە ویەكێكە لەدوورگەكانی هیندی خۆرهەلات و لەسەر هێڵی بازنەیی ( 10 ) پلەی باشوورە.

سەبارەت بە هێڵەكانی درێژی، كیشوەری ئاسیالە( 23 ) پلەی خۆرهەلاتی گرینج وە دەستپێدەكات، واتە لە دوورگەكانی دەریای ئیجەوە هەتا دەگاتە دوورگەی( كیكوشكی ) لە گەرووی بێرنگ لەسەرە هێڵی( 170 ) پلەی خۆرئاوای گرینجە، واتە( 167 ) هێڵی درێژی ئەكات.

ئاسیا دەبێتە دوو بەشەوە یەكەمیان بە ئاسیای دەریایی یان نیمچە دوورگەیی ناسراوە كە( 21٪ ) لە رووبەری كیشوەرەكە پێكدێنێت، بەشی دووەمیش بە ئاسیای ووشكانی ناسراوە و بەشی ناوەوەی كیشوەرەكەلەخۆ دەگرێت، نزیكترین خاڵی ئاسیا بۆ كیشوەری ئوسترالیا دوورگەی سۆندایەكە( 500 ) كیلومەتر لێەوە دوورە، گەرووی بێرنگ لە كیشوەری ئەمریكاش جیای ئەكاتەوە و دووری هەردوولا تەنها( 60 ) كیلومەتر، هەروەها ئاسیا ( 650 ) كیلومەتریش لە جەمسەری باكوورەوە دوورە.

شوێنی كێشوەری ئاسیا سەرنجی پسپۆڕانی جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلتیك راكیشاوە، چونكە ئەم شوێنە گرنگی زۆر هەیە لەكاتی شەڕو ئاشتی دا،بۆیە تیۆری دڵی زەوی(نظریە قلب الارچ) كە( هالفوردماكندەر)دایناوە لەبمبارەیەوە باس لە رۆڵی شوێنی ئاسیا ئەكات وگرنگی كەنارەكانی زەریای بەستەڵەكی باكوورو دەشتە فراوانەكانی وڵاتانی توركەمەنستان ومەنگولیا و دەشتەكانی ئاسیای ناوەراست دەخاتە ڕوو بە بەشێك لە (دڵی زەوی) لەو تیۆرەوە باسیان دەكرێت، وە( ئەلفریدماهان) باس لە گرنگی دەریاكانی دەوروبەری دەكات و بەهای ستراتیجی ووشكانی فراوانی ئاسیا دەكات .

گرنگی شوێنی ئاسیا و درێژبوونەوەی ڕووبەرەكەی لەنێوان بازنەكانی پانی و هێڵەكانی درێژی بوونەتەهۆی دەركەوتنی چەند هەرێمێكی ئاو هەوای جۆراوجۆر، هەروەها پێكهاتەی چینەكانی جیولوجی بۆتە هۆی بوونی دەرامەتی كانزایی هەمەجۆرە، رووالەتە سروشتیەكانی كێشوەری ئاسیا وەك چیامەزنەكان و بیابانە فراوانەكان بوونەتە هۆی دابڕانی ناوچە جیاوازەكان لەگەڵ یەكتردا، بۆنموونە زنجیرەكانی چیای ( هیمەلایا ) باكووری كێشوەرەكە لەگەڵ بەشی باشووری دا جیا كردۆتەوە وە ووڵاتی هیندستان لەگەڵ ووڵاتی چین دا دابڕیوە، وە بوونی چیاكانی چین و مەنغۆلیا(كون لن + تیان شان + سایان+ خنكان ) بەشی خۆرهەلاتی ئاسیا لەناوەراستی كێشوەرەكە جیاكردۆتەوە، وە بوونی بیابانە فروانەكان چەند ناوچەیەكی ئاسیا لەیەكدا دابڕیوە و بۆتە هۆی دەركەوتنی كۆمەڵە ئەتنیە جیاجیاكان بەتاییەت كە كێشوەری ئاسیا وە چەكانی( سولالە )قەوقازی و مەنگولی و زەردو لەخۆدەگرێت جگەلە بوونی چەند وەچەیەكی كۆنی تریش كەلە دوورگەكانی زەریای ئارام بونیان هەبووە، بەهەمان شێوە جۆاروجۆری ئاینەكان هۆكەی ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی تۆپۆگرافیای كێشوەرەكە.

## پێكهاتەی جیۆلۆجی بارستەكۆنەكان لەئاسیا

لە سەردەمی جیولوجی یەكەمەوە هەتاكو كۆتایی سەردەمی جیۆلۆجی سێیەم كەناسراوە بە جوڵانەوەكانی (ئەلپی)ن پێكهاتەی ناوەوەی كێشوەری ئاسیا توانیوە بەرگری لە خۆی بكات بەرامبەر هەموو جوڵانەوە بەهێزەكانی درز و شكان و چەمانەوە، هۆیەكەشی ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند پێكهاتەیەكی سەرەكی جیۆلۆجی كە پێ دەوترێت بارستە كۆنەكان یان( پلێتەكۆنەكان ) ونەیانهێشتوە ووشكانی كێشوەری ئاسیا پارچە پارچە بێت، ئەم بارستانە بە مجۆرانەی خوارەوە یە :

1- بارستەی ئەنگارا( بارستەی سیبریا ):

ئەم بارستەیە ناوەندی سیبریا لەخۆدەگرێت، وەكو یەكەم ناوك( چەق ) بووە كە بەشەكانی تری باكووری ئاسیا لەوێوە بەرەبەرە گەشەیان كردووە، سنووری ئەم بارستەیە لە باكورەوە بەرزاییەكانی

بیرانگایە، وەلەباشوورەوە وەكوهێلێكی وەهمی لەنێوان هەردوو شاری گراسنوبارسك وشاری یاكوتسك سنوورەكەی درێژ ئەبێتەوە. لە خۆرهەلاتەوە بەرزاییەكانی فرخۆیانسكە، لە خۆرئاواشەوە بەرزاییەكانی ئۆرالە، پێكهاتەی بەشی بنی( قاعدە ) ئەم بارستەیە لە بەردی ئاگرینی كۆنو گۆراوە، وە لە چینی سەرویش پێكهاتەی بەردی نیشتووەو پێكهاتەی تری جۆراوجۆرە كە تەمەنەكانیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەكانی جیولوجی یەكەم و دووووەم و سێیەم و چوارەم.

## 2- بارستەی چیـــن :

ئەم بارستەیە بەشی خۆرهەلاتی كێشوەری ئاسیا لە خۆدەگرێت و بەرەوخۆرهەلاتی كێشوەرەكە درێژ ئەبێتەوە و بەشێك لەچینەكانی ژێر ئاوی دەریاكانی خۆرهەلاتی چین و باشووری چین و دەریای زەرد لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەم بارستەیە بۆ چوار كەرت دابەش ئەبێت لە نێوان باكوور و باشوور وحەوزی تاریم وبانی( تەبەت )، لەبەشی ناوەراستی ئەم بارستەیە زنجیرە چیایەك دەردەكەوێت بەناوی( چن لن چان ) وە زنجیرەی چیای كن لن .

## 3- بارستەی دەكن :

ئەكەوێتە بەشی باشووری كێشوەری ئاسیا، لەخۆرهەلات و باشوورو خۆرئاوای زەریای هیندی دەورەی داوە. لەباكووریشەوە هەردوو دەشتی كینج و سند و زنجیرە چیای هیمەلایایە. ئەم بارستەیە لەبنەڕەتدا بەشێك بووە لە كێشوەری جەندواناى كۆن، پێكهاتەی بنی چینەكانی ئەم بارستەیە لەبەردی ئاركی كۆن وبەردی ئاگرین و بەردی گۆراوە، بەهۆی جولانەوەی چەمان ودەركەوتن بەشێك لەو چینانە لەسەر رووی زەوی دەردەكەون وەكو ئەوەی لە چیاكانی ( ئەرڤالی )دەبینرێن.

## 4- بارستەی نیمچە دوورگەی عەرەب :

وەكو بارستەی دەكن ئەم بارستەیەش لەبنەرەتدا بەشێك بووە لە كێشوەری گونداوانای كۆن، سنوورەكەی لەخۆرهەلاتەوە دەشتەكانی( دیجلە وفورات )وبەرزاییەكانی زاگرۆس وكەنداوی فارسی یە، لەخۆرئاواشەوە دەریای سوورە، لەباكوورەوە بەرزاییەكانی( تۆرۆسە )ولەباشووریشەوە دەریای عەرەبە، پێكهاتەی بنی سەرەكی ئەم بارستەیە لە بەردی ئەركی وئاگرین و كۆن و گۆڕاو پێكهاتووە، لەسەرووی ئەم بەردانە چینكی تر لە پێكهاتەی بەردی نیشتووە دەردەكەوێ كە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەكانی جیولوجی یەكەم و دووەم و سێیەم، هەروەها لەچینی سەروی زەوەی ئەم بارستەیە چەند جۆرێك بەردی زۆر كۆن بەرچاو دەكەوێت وەك ئەو بەردانە ( لەقەڵغانی عەرەبی ) دەردەكەوێ.

## تۆپۆگرافیای كێشوەری ئاسیا ( بەرزی ونزمی )

تۆپۆگرافیای ئاسیا دابەش دەكرێت بۆ ناوچەی دەشتایی و ناوچەی بەرزایی و ناوچەی بانەكان بەم شێوەی خوارەوە :-

1- دەشتە نزمەكانی باكوری ئاسیا :

ئەم دەشتە ئەكەوێە باكووری كێشوەرەكە لە ڕووبەرێكی تەخت و بەریندا دەركەوتووە ، زنجیرە چیای ئۆراڵ لەدەشتی مەزنی ئوروپا جیای ئەكاتەوە، نیشتوی سەهۆڵی ڕووی ئەم دەشتە پۆشیوە كە ئاراستەكەی بەرەو باكوورە، واتە هەرچەند بەرەو باكوور برۆین ڕووی زەوی لەئاستی دەریا نزم ئەبێتەوە، بۆیە زۆربەی ڕووبارەكان كە حەوزەكانیان لە بەرزاییەكانی ناوەراستن بەرەو زەریای بەستەڵەكی باكوور كۆتاییان پێدێت، لەبەر فراوانی ڕووبەرەكانی ئەم دەشتە بەدرێژترین ڕووبارەكانی جیهان لەقەڵەم دەدرێت لەوانە( ئۆب، یانسی،لینا ) .

ڕووی زەوی بەشی باشووری خۆرئاوای ئەم دەشتە لە ئاستی دەریاوە نزمە بۆیە چەند ڕووبارێك لەبەرزاییەكانی ناوەراست هەڵدەقوڵێن وەكو هەردوو ڕووباری ( سار داریا و ئامودایا )و دوواتر لەدەریاچەی ( ئاراڵ ) كۆتاییان پێدێت.

2- بەرزاییەكانی ناوەڕاستی ئاسیا :

ئەم بەرزاییانە بەشی ناوەراست وخۆرئاوای ئاسیا لەخۆ دەگرێت، بەگرنگترین ومەزنترین وفراواترین زنجیرە چیا نەك هەر لە كێشوەری ئاسیا بەڵكو لە جیهان ناسراون ، ئەم زنجیرەیە تەواوكەری بەشی خۆرهەڵاتی زنجیرە چیاكانی ئەلپی ئوروپایە،مێژووی جیولوجی ئەم بەرزاییانە ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی سێهەم( مایوسین ) بەڵام لەسەردەمی (بلیویوسین )شێوەی ئێستای وەرگرتووە بەگشتی لقە سەرەكیەكانی ئەم بەرازییە لە گرێ پامیرەوە كە ( 12 )هەزار پێ لەئاستی دەریاوە بەرزە بەم شێوەیە دەستپێدەكات:-

( أ )- زنجیرەیەك چیا لە گرێ پامیرەوە دەردەچێ بەئاراستەی باشووری خۆرئاوا بەناوی سلیمان دەكشێ ودواتر پێی ئەوترێت چیای( بەلوجستان ) و ئەڕوانێتە سەرەكەنارەكانی دەریای عەرەب و كەنداوی فارسی لەوێ ناسراوە بە چیای كرمان ئەمجا بەئاراستەی باكووری خۆرئاوا ئەڕوا پێی ئەوترێت چیاكانی بەختیاری و لوڕستان ، دوواتر ناسراوە بە چیاكانی زاگرۆس ، هەروەها بەرەو باكوور دەڕوات بەكوردستان ناسراوە هەتا دەگاتە ( گرێ ئەرمینیا )كە دەكەوێتە باكوری خۆرئاوای توركیا ، ئەمجا لەم گرێ یەوە زنجیرە چیایەك بەرەو باكووری خۆرئاوا ئەكشێ بەدرێژایی ( 1200 ) كیلومەتر ، ئەمەش ناسراوە بە چیاكانی( قەوقاز، كەوكاز) كەبەشێك لەسنووری جیاكەرەوەیە نێوان هەردوو كێشوەری ئاسیا و ئوروپا، هەروەها لە گرێ ئەرمینیاوە زنجیرە چیایەك دەرئەچێ بەئاراستەی خۆراوا بەرەو باشووری كەنارەكانی دەریای رەش پێدەوترێت چیای ( بۆنتس )، لە باشووری ئەم زنجیریەلە گرێ ئەرمینیاوە زنجیرە چیایەكی تر بەرەو خۆرئاوا دەكشێ و ناسراوە بە چیای

ئاگری داغ یان ( ئارارات ) دوواتر پێی ئەوترێت چیای( ئەنتی توروس ) كە ئەبێتە سنووری سروشتی نێوان كوردستانی توركیا و بانی( ئەنادۆلی )..

( ب )- لەگرێ پامیرەوە زنجیرەچیایەك ڕووئەكاتە بەرەو خۆرئاوا پێی دەوترێت( هندوكوش ) لەدوای تێپەڕبوونی لەباكووری خۆرهەلاتی سەرزەمینی ئەفغانستان ئەم چیایە ناسراوەبە كۆپێت داغ دوواتر بەچیاكانی خۆراسان، ئەم زنجیرەیە بەرەو ناوچەی قەزوینی باكوری ئێران و بەدرێژایی ( 500 )میل و پانتایی ( 60 ) میل دەكێشێ پێی ئەوترێت چیاكانی ( ئەلبورز ) كە بەرزترین لوتكەی( دەماوەند )ە كە زیاتر لە ( 5000 )مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە، ئەم زنجیرەیە بەرەو باكووری خۆرئاوا ئەكشێ و تا ئەگاتەوە بەگرێ ئەرمینیا لەوێ كۆتایی پێدێت.

( ج )-لە گرێ پامیرەوە زنجیرە چیایەك دەردەچێ بەرەو باشوور وباشووری خۆرهەلات ناسراوە بە بەرزاییەكانی ( هیمەلایا )كە بە ناوبانگترین وبەرزترین چیاكانی جیهانە ولووتكەی( ئیڤرست )لە نێو ئەم زنجیرەیە كە بەرزییەكەی دەگاتە ( 8854 ) مەتر لەئاستی دەریاوە، ئەم زنجیرەیە دوواتر بەرەو باشووری خۆرهەلات ئەكشێ و ناوەندی وولاتی بورما( میانمار ) ئەكاتە دووبەشەوە دوواتر نوقمی ژێر دەریائەبێت و لەدوورگەكانی ئەندامان و نیكوبار سەرهەلئەدات و دەردەكەوێ لە دوورگەكانی ( سۆمەترە وجاوە ) بەرز ئەبنەوە كۆتایی بەو زنجیرەیە دێنێت بڕوانە شێوەی ژمارە( 1 ) .

( د )- لە باكووری بەرزاییەكانی ( هیمەلایا ) زنجیرە چیایەكی تر لەگرێ پامیرەوە دەرئەچێ بەلام كورتە ناسراوە بە ( قەراقوم ) یان( كاراكۆم ) ، ئەم زنجیرەیە بەشی باشووری خۆرئاوای بانی تەبەت ئەبڕێ بەئاراستەی گشتی باكووری خۆرئاوا – باشووری خۆرهەلات.

( هـ )- زنجیرە چیایەك لە گرێ پامیرەوە لە باكووری قەراقۆم دا بە ئاراستەی باكووری خۆرهەلات دەستپێ ئەكات ناسراوە بەچیاكانی ( كون لن ) بەرەو باكووری بانی تەبەت درێژە بەكشانی خۆی ئەدات و ئەبێتە چەند لقێك لەوانە ( تاین تاغ ).

( و )- هەرلەگرێ پامیرەوە بەرەو باكووری حەوزی تاریم زنجیرەچیایەك دەردەچێ ناسراوە بە( تیان شان ) ئەم زنجیرەیە بیابانی گوپی ئەبڕێت، بە ئاراستەی گشتی لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەلات لەنێوان ئەو زنجیرە چیایانە باسكران ( بەرزاییەكانی ناوەراستەوە ) چەند بان و حەوزێك دەردەكەوێت لەوانە :

أ- بانی تەبەت :

دەكەوێتە باشوری خۆرئاوای چین , بەبەرزترین بـــــان لە جیهان لەقەلەم ئەدرێت، كە دەگاتە( 12 ) هەزار پێی لەئاستی دەریاوە، بۆیە ئەم بانە ناسراوە بە سەقفی جیهان، ئەم بانە ئەكەوێتە نێوان بەرزاییەكانی هیمەلایا لە باشوورەوە ، بەرزاییەكانی كوین لن لەباكوور و باكووری خۆرئاوا، لەم بانە چەندین دەریاچە بەدی ئەكرێت لەوانە( نام سو، زیلنگ تسو، مونتكا،ئورنج نور، تا نجراتسو ).

ب- بـــــانی ئێران :

ئەم بانە دەكەوێتە ناوەڕاستی ئێران , چەند زنجیرە چیایەكی بەرز بانی ئێرانی دەورە دراوە لەوانە گرێ پامیر و لقەكانی لەخۆرهەلاتەوە، زنجیرە چیا ئەلبوورز لەباكوورەوە زنجیرە چیای زاگرۆس لە خۆرئاواوەوە، بەگشتی بانی ئێران لەچەند حەوزێكی داخراو پێكهاتووە بۆیە رێڕەوی رووبارەكان و لقەكانیان هەر لەوێ كۆتایی پێیان دێت، بەشی ناوەراستی ئەم بانە نزمە و بەرزاییەكە لەنێوان( 3000-5000 )پێ لەڕووی دەریاوە، ڕووبەری زەلكاوی لەم بەشە دەگاتە ( 25٪ ) لە ڕووبەری گشتی بانەكە ، هەردوو بیابانی ( كاڤرولوت ) لەم بانەدا دەردەكەون .

ج- بانی ئەناودڵ ( بانی ئاسیای بچوك ):

شوێنی ئەم بانە لە بەشی خۆرهەڵات و ناوەڕاستی توركیایە , دەكەوێتە نێوان هەردووزنجیرە چیای( بۆنتس ) لە باكوورو، زنجیرە چیای( ئەنتی تۆرۆس ) لەباشووردا، بەشی ناوەراستی ئەم بانە زۆر خوارو خێچ وبچربچرە، بۆیە ژمارەیەكی زۆر لەگرد و تە پۆلكە لەخۆ دەگرێت وە چەند ڕووبەرێكی نزم لە رووی ئاستی دەریاوە تێدایە، ئەم ناوچە نزمانە بۆتە هۆی دروستبوونی چەند دەریاچەیەك لەم بانە وەك دەیاچەی( تۆز ) لە خۆرئاواو دەریاچەی( ڤان ) لەخۆرهەلات .

جگە لەم بانانە كە لەنێو بەرزاییەكانی ناوەراستدا بونیان هەیە، چەند ڕووالەتێكی تر لە ناوەڕاستی ئاسیا دەردەكەون لەوانە هۆنان و حەوزی تسیدام و حەوزی تاریم و حەوزی زەنجاریا، هەروەها بیابانی گوبی و تەكلامەكان و بیابانەكان و نیمچە دورگەی عەرەبی و خۆرئاوای ئێراق .

3- بەرزاییەكانی خۆرهەلاتی ئاسیا :

چەندین زنجیرە چیا لەخۆ دەگرێت كەسەردەمی دروستبوونەكەیان ئەگەرێتەوە بۆ جولانەوە تەكتۆنیە جۆراوجۆرەكان، بۆیە پێكهاتەی چەماوەی هەرسینەكان لەخۆرهەلاتی پێكهاتەی چەماوەی كالیدونیەكان بەرچاو ئەكەوێت، هەروەها پێكهاتەی چەماوەی ئەلپییەكان لەدوورترین بەش لەبەرزاییەكانی خۆرهەلاتی ئاسیا دەبینرێت بەتایبەتی لەكەنارەكان و دوورگەكان، بەگشتی ئەتوانین بڵێین ئەم بەرازییانە لە دوبەش پێكهاتوون :

أ- وەك چەند كەوانەیەك لە باكووری خۆرهەلاتی كێشوەری ئاسیا ئەم بەرزاییانە دەردەكەون لەوانە چیاكانی یابلۆنۆڤی وستانۆڤی و فرخۆیانسك و كولیسكی وسكۆت ئالن .. هتد.

ب- لەچەند بەرزاییەك پێكهاتووە كەلە نیمچە دوورگەی كەمشەتكاو دوورگەی سەخالین و دوورگەكانی تری نزیك كەنارەكانی ووشكانی ئاسیا دەردەكەون بەگشتی ڕواڵەتی تۆپۆگرافیا لەم ناوچەیە لەئێستا حاڵەتی دروستبووندایە بەلگەش ئەوەیە ژمارەیەكی زۆر گڕكانی بونیان هەیە هەرچەندە بەشێكیان خامۆش بوونەتەوە بەشێك تریش گڕدارن و هەڵدەچن جار بە جار و مادەی ( لاڤا ) دەهاوێژن وەك

ئەوانەی له نیمچەدوورگەی كەمشەتكا و دوورگەكانی كۆریل و دوورگەكانی یابان و فیلپین و ئەندونیسیا و سۆمەتره دەبینرێت.

## 4- بەرزاییەكانی باشووری كێشوەری ئاسیا :

ئەم بەرزاییانه له دوویەش پێكهاتووه :

أ- بەرزاییەكانی ئەركان یۆما( بۆماس ) كه درێژبوونەوەی زنجیرە چیای هیمەلایایە بەرەو خۆرهەلاٌت، دوواتر بەرەو باشووری كێشوەرەكه واته بەرەو وولاٌتی میانمار( بۆرما ) ئەڕوات وناوەڕاستی ئەبڕێت ناسراوەبە( ئەركان یۆما ) ئەم زنجیرەیە بەرەو باشوور دواتر نوقمی ئاوی كەنداوی بەنگال ئەبێت و له دوورگەكانی ئەندامان ونیكۆپار دەردەكەوێ دوواتر له دوورگەكانی سۆمەترەو جاوە و دوورگەكانی تر كۆتایی پێدێت.

ب- بانی دەكن : ئەم بانه وەكو سێگۆشەیەك له ناوەڕاست و باشوری وولاٌتی هیندستان دەردەكەوێت رووبەرێكی زۆر له خۆدەگرێت له كۆنا بەشێك بووە له كێشوەری گوندوانا،جۆری بەردەكانی له ئەركی كۆن و ئاگرین وگوڕاو پێكهاتووە، ئەم بانه له باكوورەوە دەڕوانێته سەر دەشتەكانی كینج وسند لەباشووریشەوە ئەڕوانێته سەر زەریای هیندی لەخۆرهەلاٌتەوە زنجیرەچیای غاتی خۆرهەلاٌتەو له خۆرئاواشەوە زنجیرە چیای غاتی خۆرئاوا دەورەی داوە، بەگشتی ڕووی زەوی بانی دەكن بەرەو خۆرئاوا بەرزدەبێتەوە وتێكرای بەرزی بانی دەكن لەنێوان( 2000-4000 )پێ یه لەئاستی دەریاوە، هەروەها ڕووبارەكانی ئەم بانه به ئاراستەی خۆرهەلاٌت و بەنداوی بەنگالٌ كۆتاییان پێدێت.




**شێوەی ژمارە ( 1 ) ئاراستەی بەرزاییەکانی کیشوەری**

# ئاو هەواى كيشوەرى ئاسيا

**لەهەموو ناوچەيەك لەسەر گۆى زەوى ئەم فاكتەرانەى خوارەو كاريگەرييان لەسەر ئاو هەوا دەبيت :**

## 1- شوينى جوگرافى ( ئەسترۆنۆمى ) :

بەگشتى بەپيى كيشوەرى ئاسيا ئەكەويتە بەشى باكوورى گۆى زەوى ، هيلى يەكسانى بە بەشەكانى باشورى ئەم كيشوەرە دا تى دەپەريت وە لە باشورى هيلى يەكسانەوە، وە زەوييەكانى ئەم كيشوەرە( 10 ) بازنەى پانى بەرەو باشوور لەخۆدەگريت ، پاشان لەسەر هيلى كەمەرە بەرەو باكور ئەكشى تا دەگاتە بازنەى پانى( 82 ) پلەى پانى باكور واتە زەويەكانى كيشوەرى ئاسيا( 92 ) بازنەى پانى دريژە، ئەم رووبەرە فراوانەش كاردەكاتەسەر جياوازى بوونى رەگەزەكانى ئاو وهەوا لە رووى نيشانەو كاريگەرى و كارليكەوە لە ناوچەيەكەوە بۆ ناوچەيەكى تر،ئەمەش دەرئەنجامەكەى دەركەوتنى يان رەخساندنى هەريمى ئاو هەواييەجياوازەكانە كە وينەى ئەم هەريمە جياوازانە لەكيشوەرەكانى تردا دەرناكەويت ، لەبەر ئەوەى لە ئاو وهەواى گەرمى يەكسانيەوە دەست پيدەكات هەتا هەريمى زۆر ساردى باكور كە بە( تەندرا )ناسراوە .

## 2- رووبەرى كيشوەرەكە و شيوەو بيچم و روخسارى كەنارەكانى :

كيشوەرى ئاسيا بەگەورەترين كيشوەرى جيهان دادەنريت لە رووى رووبەرەوە كە نزيكەى( 17 ) مليۆن ميلى چوار گۆشەيە،ئەم رووبەرە فراوانەش كە دەكاتە ( 3/1 )ى وشكانى گۆى زەوى بەيەكداچوون و ئاويتەبونى وشكانى لەگەل ئاودا واى لە كيشوەرەكە كردووە كەنارى جياواز لەشيوە پەيدا ببى هەروەك لە كەناراوەكانى ئەورو پاشدا دەبينرى بۆيە كاريگەرى رووبەرە دەريايييەكان لەسەر وشكانيەكانى دوورگەكان نيمچە دورگەكانى باشورى كيشوەرەكەيان ناوچەكە كەناراوەكانى زياتر كاريان تى دەكرى لەكاتيكدا ئاو وهەواى بەشەر فراوانەكەى ناو كيشوەرەكە زالە بەسەر زۆربەى رووبەرەكەى ناوەوەى ئەم كيشوەرە چونكە تين و تەوژمى كەناراوەكانى بەهۆى بەربەستەوە ناگەنە ناوەوەى كيشوەرەكە دوورى ناوەوەى كيشوەرەكە( 2000 ) ميلە لەناوەندى رووبەرەكەناريەكانەوە .

## 3- شيوەى پيكهاتەى رووى زەويەكەى( تۆپۆگرافيا ):

بەرزايييەكانى ناوئەم كيشـــوەرە كە بە بەرزاييە( ئالپييەكان ) ناسراون ، ناوەراستى كيشوەرەكەى گرتۆتەوە، لە خۆرهەلاتەوە بۆ خۆرئاوا بەشيوەى زنجيرەيەكى پانى دانەبراو دريژ ئەبيتەوە ئاسياى كردووە بەدووبەشەوە :

أ- یەكەمیان لەبەشی باكـور پێك هاتووە كە بە ناوچەیەكی سارد ناسراوە لە ڕووی نزمی پلەی گەرمیەوە وكاریگەری كیشوەری بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵە بەهۆی ئەو بەرزاییانەوە كە وەك دیوارێكی بڵندن ڕێگەنادەن كاریگەری ئاو وهەوا دەریاییە فێنكەكان بگەنە سەرئەم بەشانە.

لەباكور ئەمە بۆتە هۆی رێ خۆشكردنی كاریگەری تەوژمی ساردی باكور كە دەبێتە هۆی دروستبونی هەندێك ناوچە كە ساردترین شوێنن لە جیهاندا.

ب- دووەمیان بەشی باشورە ناسراوە بە ناوچەیەكی گەرم لە ڕووی بەرزی پلەی گەرمیەوە چونكە نزیكن لە هێلی یەكسانیەوە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە بەرزایی چیاكان لەناوەراستی ئەم كیشوەرە ناهێلێن تین و تەوژمی تۆپەلە هەواییە ساردەكان بگەنە سەر بەشەكانی خۆر هەلاّت وباشوری ئەم كیشوەرە.

## * ناوچەكانی پەستانی هـــەوا :

كیشوەری ئاسیا بە پێی دابەشبونی پشتێنە سەرەكیەكانی پەستانی هەوا دابەش دەكرێت بۆ دوو پشتێنەی سەرەكی :

### ( 1 ) پشتێنەی پەستانی هەوای بەرز ( ناوچەی پەستانی بالاّ- نگاق الچغگ العالی ):

ئەم پشتێنەیە دەكەوێتە بەشەكان ناوەراست و باكوری كیشوەرەكە بەتایبەتیش لەوەرزی زستاندا لەوناچەنەدا پەستان بەرزە چونكە پلەی گەرمی بەرێژەیەكی زۆر دادەبەزێت كە بەهۆیەوە پشتێنەیەكی پەستانی بەرز ئەم ناوچانەی ئاسیا دا دەگرێ بەرەو هەموو ئاراستەكان، وەزیاتر لەو شوێنانەش ڕوو دەكاتە خۆرئاوای كیشوەرەكەو ولاتانی خۆر هەلاّتی ئەوروپا دەگرێتەوە .

لەم پشتێنەیەوە بایەكی زۆر سارد هەڵدەكات رووەو باشور و باشوری خۆرهەلاّتی كیشوەرەكە دەڕوات ، هەرچەند بارزاییەكانی ناوەراست ڕێگەنادەن تین وتاوی ئەو سەرما و سۆڵەیە بگاتە باشوری خۆرهەلاّتی كیشوەرەكە.

### ( 2 ) پشتێنەی پەستانی نزم( ناوچەی پەستانی نزم  نگاق الچغگ المنخفج ) :

لە وەرزی هاویندا بە پێچەوانەوە پلەی گەرما لەسەر ناوچەكانی ناوەراست و باشووری كیشوەرەكە بەرز دەبێتەوە ، بۆیە ئەم ناوچانە لەم وەرزەدا دەبنە مەڵبەندی پەستان نزم، وەئەمەش دەبێتە هۆی كێشكردنی چەند بایەكی سارد لەتەوەری باكورەوە بۆ سەر بەشەكانی تری كیشوەرەكە.جگەلەوەش ئەم ناوچەیە پەستانی نزمە لەناوچەكانی كەناراوەكانی كیشوەرەكەوە دەبێتە هۆی كێشكردنی بای وەرزی كە هەڵدەكەنە سەر كەنارەكانی باكوری خۆرهەلاّت وەباشور وباشوری خۆرهەلاّت كە نزیكن لە دەرەیاوە , وە لە ئە نجامی ئەوەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی بارانی وەرزی.

**دەتوانیین باردۆخەكانی ئاو وهەوا لەم كیشوەرەدا بەم شێوەیە روون بكەینەوە :**

*** بارودۆخی ئاو وهەوا لەوەرزی زستان :**

**لە وەرزی زستاندا تیشكی خۆر لەسەر ناوچەی خولگەیی كە لە باشوری كیشوەرەكەدایە ستونی ئەبێت وەپێشتر ئاژەمان پێكرد كەبەشێك لە رووبەری كیشوەرەكە دەكەوێتە نێوان بازنەی پانی( 10 ) [5] باشوری هێلی یەكسان واتە لە نێوان هێلی یەكسان دەگرێتەوە، بەشێوەكی گشتی پلەی گەرمای ئەم ناوچەیە بەرزە .هەروەها پلەكانی گەرمی لەسەر بەشەكانی ناوەراست وباكوری كیشوەرەكە نزم دەبێتەوە چونكە تیشكی خۆریان بەلاری پێ دەگات…** وە لەم وەرزەدا پلەكانی گەرمی دادەبەزێت لەچاو ئەو شوێنانەی كە هاوتان لەگەڵ باكوری ئاسیا لە هەردوو كیشوەری ئەمەریكای باكور و ئەوروپا و هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكار :

1- پشتێنەیەك بەرزایی درێژبۆتەوە ناوەراستی كیشوەرەكەی داگیركردوە لە گەڵ چەند بانێكی بەرزدا وە بە پێی ئەو یاسایەش بەبەرزبونەوە لەئاستی دەریاوە هەر( 300 )پێیەك یەك لە پلەی فهرەنهاتی پلەی گەرما نزم دەبێتەوە.

2-بەرزاییەكانی ناوەراستی ئەم كیشوەرە بۆتە هۆی دابڕین و جیاكردنەوەی هەرێمی ساردی باكور، بۆیە كاریگەری هەوا گەرمەكان لە بەشەكانی باشورەوە ناگەنە ناوچەكانی ناوەراست و باكور بۆیە ئەوناوچانە هەمیشە بەساری دەمێننەوە.

3-دووری زەویەكانی ناوەراست و باكور لە كەناراوە ئاویەكانی خۆرهەڵات و باكوری خۆرهەڵات وباشوری كیشوەرەكە وایكردووە هەندێك شوێن لە ناوچەكانی ناوەراست پلەی گەرما تیایدا زۆر نزم ببێتەوە،وەك(ناوەراستی سیبریا، بـــــانی تەبت، مەنگۆلیا )، بۆنموونە ناوەندی گەرمی مانگی كانونی دووەم لەسیبریا( -20 )° سەدیە بەتایبەتی لە ناوچەی ( فرخۆیانسك ) پلەی گەرمی تیایدا ئەگاتە ئەوپەڕی نزمی لە جیهاندا كە دەگاتە( -68 )° سەدی ، بەلام لە كەناراوەكانی بازنە پانیەكانی ناوەندا لەسەر كەناری زەریای ئارام ناوەندی گەرمی یان لەنێوان( -5تا -15 )[5]ی سەدی لەكاتێكدا پلەی گەرمی ( سفر )ی سەدی بەناوچەكانی ( پكین و سەمەرقەند و هۆنشۆ ) تێ دەپەڕی .

**بەلام پلەی گەرمی ناوچەكانی هێلی یەكسان و خولگەی قرژاڵ بە تایبەتی پلەی گەرمیەكەی ( 25 )° سەدی یە بەهۆی نزمی پلەی گەرمی لەسەر بەشەكانی ناوەراست و باكور دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی هەوا و دواتر هەڵكردنی چەند بایەكی سارد بۆ زۆربەی لایەنەكانی كیشوەرەكە بەتایبەتیش ئاراستەی باكوری خۆرئاواو باكوری چین وبە ناوەراستی هیندستاندا بەلام بەرزاییەكانی ناوەراست، نایەڵن كاریگەرییان بگەنە باكوور وناوەراستی هیندستان ، ئەم بایانە وشكن زۆر ساردن تۆز وخۆڵیان لەگەڵدایە چونكە لە ناوچەی بیابانەوە هاتووە ، بەلام كە دەگەنە كەناراوەكانی شێ لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و دەبێتە هۆی بارانبارین لە دورگەكانی یابان ، تایوان ، باشوری چین، باشوری هیندستان، دوورگەی سیرلانكا .**

**بارودۆخی ئاو وهەوا لە وەرزی هاویندا :**

**بە پێچەوانەوە لەم وەرزەدا تیشكی خۆر لەسەر خولگەی قرژال ستونی دەبێت وە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەسەر ناوچەكانی ناوەراستی كیشوەرەكەدا واتە ئەو ناوچانەی كەوتوونەتە نێوان هێڵی یەكسانی و خولگەی قرژاڵ واتە ناوچەكانی(بانی تەبەت وبیابانی غوبـــی)، پلەی گەرمیان بەرزدەبێتەوە ناوەندی گەرمی مانگی تەمموز دەگاتە( 30 )[5] سەدی لە زۆربەی ناوچەكانی ناوەراستی ئاسیادا وە بەرزترین پلەی گەرمی لەم وەرزەدا لەبیابانی پــــاردا لە باكووری خۆرئاوی هیندستاندایە پشتێنەیەك پەستانی نزم پەیدا دەبیَ كە سەنتەرەكەی باكوری خۆرئاوا هیندستانە بۆیە بای وەرزی باشوری خۆرهەلاَت هەڵدەكاتە سەر كیشوەرەیەكە لە مانگی حوزەیرانەوە هەڵدەكاتەوە سەركەناراوەكان و هەندێك بەشی ناوەوەی كیشوەرەكە چونكە لە دەریاوە هاتووە هەڵمی ئاوی لەگەڵدایە و كەگەیشتە بەرزاییەكانی ناو كیشوەرەكە باران دەبارێنێت لە باكوری هیندستان و نیمچە دوورگەی مەلایو، باشوری چین وە دەبێتە هۆی پەیدابوونی لافاو لەم وەرزەدا، بەلاَم بەشی باكوری كیشوەری ئاسیا بای ساردی جەمسەری هەڵئەكاتە سەری كە باران نابارێنیَ .**

*** هەرێمەكانی ئاو وهەوای ئاسیا :**

**هەرێمەئاو وهەواییەكان لە كیشوەری ئاسیادا دەكرێت بە( 9 ) بەشەوە یان بە(9) هەرێمی ئاو هەواییەوە بە مجۆرانەی خوارەوە :**

1- **هەرێمی ئاو وهەوای جەمسەری ( تەندرا )**
2- **هەرێمی ئاو وهەوای سارد( مەنشوریا ) .**
3- **هەرێمی ئاو وهەوای ساردی مامناوەند( باكوری خۆرهەڵاتی چین ).**
4- **هەرێمی ئاو وهەوای باشوری خۆرهەڵاتی چین و خۆرئاوای ئاسیا.**
5- **هەرێمی ئاو وهەوای وەرزی.**
6- **هەرێمی ئاو وهەوای ئیستوائی- دوورگەیی .**
7- **هەرێمی ئاو وهەوای بیابانی گەرم .**
8- **هەرێمی ئاو وهەوای بیابانی فێنك.**
9- **هەرێمی ئاو وهەوای كیشوەری .**

1- **هەرێمی ئاو وهەوای جەمسەری ( تەندرا ) :**

**ئەم هەرێمە دەكەوێتە باكوری كیشوەری ئاسیاوە لەكەنارەكانی زەریای بەستەلۆكی باكوردایە، واتە هەموو كەنارەكانی باكوری روسیای فیدرال كە لە نێو ئاسیادان لەخۆ دەگریَ . هەتا بگاتە كەنارەكانی دەریا( گەرووی بێرنگ بە پانی( 60 -100 ) میل لە كەنارەكانەوە بەرەو ناوەوەی كیشوەری ئاسیا درێژ دەبێتەوە بەگشتی**

رەوشی ئاو وهەواكەی لە زستان كە( 8-9 ) مانگ ئەخایەنیٚ زۆر ساردەو پلەكانی گەرمی لە ژێر سفرەو ڕووی زەوەی بەستویەتی، بەلاَم لە وەرزی هاوین كە كورتە و لەنێوان( 2-3 ) مانگە پلەی گەرمی ساردی مامناوەندە بەشێك لە بەستەلَەكەكانی رووی زەوی ئەتوێتەوە هەندێك گژوگیای وەرزی تێدا گەشە دەكات وەك لەوەڕگا بۆ ئاسكی رەنە( غزال الرنە ) بەكەلَكە.

## 2- هەرێمی ئاو وهەوای سارد( مەنشوریا ):

ئەم هەرێمە باكور و ناوەراستی مەنشوریا و ئەوپەڕی باكوری یابان و دوورگەی( سەخالین ) لەخۆ دەگرێت، زستانی ئەم هەرێمە زۆر ساردە، بۆ نمونە پلەی گەرمی ناوچەی ڤلادڤستك لە زستان دەگاتە( -15 )[5] پلەی سەدی وە لە هاویندا دەگاتە( 20 )[5] پلەی سەدی ، هاوینی ئەم ناوچەیە باراناویە ولە زستانیشدا زۆر جار دەكەوێتە بەرهەلَكردنی زریانی بەفر .

## 3- هەرێمی ئاو وهەوای باكوری خۆرهەلاَتی چین( ساردی مامناوەندی ) :

ئەم ناوچەیەش باكوری چین و ناوەراستی دوورگەكانی یابان و باشوری مەنشوریا لەخۆدەگرێت ، زستانی ساردەو كەم بارانە وە لە هاوینش گەرمە و باراناویە، جیاوازی لە نێوان بڕی گەرمای زستان وهاوین دەگاتە( 25 )[5] پلەی سەدی، بۆ نموونە پلەی گەرمای شاری( پەكین ) لە وەرزی زستاندا دەگاتە ( 3 ) پلەی سەدی، لەم هەرێمە بای باشوری خۆرهەلاَت كە( وەرزی )ە هەلَدەكات و باران دەبارێنێت، سروشتی باران لەم ناوچەیە بچڕ بچڕە( متڕبڕب )ە بۆیە هەرێمەكە لە هەندێك سالَ تووشی كەم بارانی ئەبێت و دانیشتوانەكەی هەولَی كۆكردنەوەی ئاویان داوە، هەروەها هەندیٚ بەشی ئەم ناوچەیە لەهاوین وزستان دا باران تێیدا دەباریٚ وەك ئەوەی لە یابان دەردەكەوێت.

## 4- هەرێمی ئاو وهەوای باشوری چین و خۆرئاوای ئاسیا :

ئەم ناوچەیە باشوری یابان و خۆرئاوای ئاسیا دەگرێتەوە واتە ولَاتانی شام و ئێراق و ئێران بەشێك لە توركیا و نیمچە دورگەی عەرەب ، بەلاَم جیاوازی لەنێوان خۆرهەلاَتی ئاسیا و خۆرئاوای دا ئەوەیە زستانی خۆرئاوا مامناوەندە لە ڕووی پلەی گەرماوە وە هاوینیش گەرمە، بەلاَم لەخۆرهەلاَتدا زستانی ساردو هاوینی مامناوەندە، وەلە زستاندا تووشی شەپۆلی سەرما دەبێت لەكاتێكدا لە خۆرائاوای ئاسیا شە پۆلەگەرمەكانی دەریای ناوەراست بالَ دەكێشێت بەسەر بەشی خۆرئاوای كیشوەرەكەدا . بەشی خۆرهەلاَتی كیشوەرەكە تووشی بارانی وەرزی لە زستان و هاویندا دەبێت كەبەشێوەی رەهێلَە بارانە بەهۆی زریانی ( تایفۆن )ە كە هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ تۆپەلَە هەواییەكانی بای پێچەوانە( الریاح العكسیە ) كە بڕی

بارانەكەی جیاوازە لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر بە پێی كاریگەری فاكتەرە ناخۆییەكان وەك نزیكی لە ڕووبەرە ئاویەكان و تۆپۆگرافیای ناوچەكە.

5- هەرێمی ئاو وهەوای وەرزی :

ئەم هەرێمە هیندستان و نیمچە دوورگەی ( هیندی  چین ) ودوورگەكانی فلپین و سیرلانكا و نیمچە دوورگەی مەلایو باشوری چین دەگرێتەوە، پلەی گەرما لەم هەرێمەدا لە زستاندا دائەبەزێ لەمانگەكانی كانونی دوەم و شوبات و بارانی زۆر كەمە بەتایبەتی لەولاٌتی هیندستان جگە لە هەرێمی( پە نجاب ) كە بەشێك بارانی زستانە تێدا دەباری بەهۆی هەلٌكردنی چەند پالٌە پەستۆیەكی نزم كەدەرئە نجامی بای پێچەوانەیە، هەروەها برێك بارانی زستانە لەسەر كەنارەكانی هیندی چینی و باشوری هیندستان و فلیپین دەباری بەهۆی هەلٌكردنی بای وەرزی باكوردا یان پاشماوەی بای جەمسەری لەسەر ڕووبەرە ئاویەكانی ناوچەكەدا تێدە پەڕێت و شێدار دەبێت ، بەلاٌم لەووەرزی هاوین پلەی گەرمای ئەم هەرێمە بەتایبەتی لەمانگەكانی( ئادار و نیسان و مایس ) بەرزدەبێتەوە وە باران بەخەستی و جێگیر دەبارێ لە زۆربەی سالٌەكان بەلاٌم هەندێك سالٌ دوائەكەوێ بۆمانگی حوزەیران واتە مانگی شەش .

6- هەرێمی ئاو وهەوای ئیستوائی- دوورگەیی :

بەشێوەی گشتی ئەم هەرێمە لەناوچەئیستوائیەكانی( دیوەكانی هێلٌی یەكسان ) دەردەكەوێ واتە لە دوورگەكانی ئەندونیسیا و بۆرینو و مالیزیا و بەشێك لە دوورگەكانی فلیپین، لەم هەرێمە بارانبارین بەدرێژایی سالٌە، هەروەها نیشانەی ئاو هەوای وەرزی تێدایە لەبەرئەوە ئەم دوورگانە ئەكەونە نێوان دووبارستەی ووشكانی ( ئاسیا لەباكورەوە و ئوستورالیا لە باشورەوە)، لەووەرزی هاویندا بای خۆرهەلاٌت و باشوری خۆهەلاٌت دەیگرێتەوە ، بەلاٌم لەووەرزی زستاندا بـــــای باكور و بای باكوری خۆرئاوا هەلٌدەكاتە سەری، پلەی گەرمی ئەم ناوچەیە دەگۆڕێ بەگشتی پلەی گەرمی ئەم ناچەیە بە بەراوورد لەگەلٌ ناوچەی( ئەمازۆن )دا واتە ئەمەریكای باشور فێنك ترە بەهۆی بوونی ڕووبەرە ئاویەكانی ئەم هەرێمە ، هەروەها بە پێی كاریگەری بەرزی لە ڕووی دەریاوە، بۆنموونە پلەی گەرمی شاری ( باندونگ )ی ئەندەنوسیا تێكرِا دەگاتە( 22 ) پلەی سەدی هەرچەندە دەكەوێتە سەر هێلٌی یەكسان لەبەر بەرزی ئاستی زەوی لەڕووی دەریاوە.

7- هەرێمی ئاو وهەوای بیابانی گەرم :

ئەم هەرێمە بەشێكی فراوانی كیشوەری ئاسیا لەخۆ دەگرێت بەتایبەتی بیابانەكانی باشوری خۆرئاوا وئەو بەشانە دەكەونە پشتی دەریای ناوەراست واتە بیابانەكانی خۆرئاوای ئێراق و دورگەی عەرەبی و ئەردەن و سوریا ، هەروەها بەشی باشووری ئێران كەی دەروانێتە سەركەنداو و بەلوجستان و بەشی باشوری دەشتی( سەند )

وبیابانی پار( راجستان )لەخۆدەگرێت ، بەگشتی بارانی ئەم هەرێمە زۆر كەمەو پلەی گەرماش زۆر بەرزە بۆنموونە ناوەندی پلەی گەرمی تۆماركراو لەو یستگەی( محگە ) ( جاكوباداد )ی بەلوجستان دەگاتە( 38 )[5] پلەی سەدی لەهاوین وەبەرزترین پلەی گەرمی لە جیهان لەم هەرێمەدا تۆماركراوە.

## 8- هەرێمی ئاو وهەوای بیابان و بانە فێنكەكان :

ئەكرێ ئەم هەرێمە بكرێت بەچوار بەشەوە :

أ- هەرێمی بانی تەبت .

ب- هەرێمی بانی ئێران.

ج- هەرێمی بیانی غوبی و تەكەلەماكان و حەوزی تاریم.

د- هەرێمی توركستان سكینیانگ ( باكوری خۆرئاوای چین ) .

گرنگترین دیاردەی ئاو وهەوای ئەم هەرێمانە بوونی مەودایەكی گەرمی زۆر لەنێوان وەرزی هاوین و زستاندا ، هەروەها لەنێوان شەو رۆژدا ، برِی بارانبارین ئەم هەرێمە زۆر كەمە ناگاتە( 300 ) ملیمەتر سالانە.

## 9- هەرێمی ئاو وهەوای كیشوەری :

ئەم هەرێمەهەرچەندە لە چەندین ناوچەی ئاسیا دەردەكەوێ بەتایبەتی لەبەشەكانی ناوەراست و خۆرئاوای ئاسیا , ئێراق , ئێران , بەشێك لە توركیا و وڵاتانی كەنداوی فارس , بەلاَم بە رِوونی زیاتر لە بەشێك لە باكووری خۆرئاوای چین و وولاَتی مەنكولیا دەردەكەوێ ، خەسلەتەكانی ئاو وهەوای ئەم هەرێمە ئەوەیە كەلەی زستاندا زۆر ساردە و پلەكانی گەرما زۆر جار دادەبەزێ بۆ ژێر سفری سەدی ، وكەم بارانە،وەلە وەرزی هاوینیش پلەكانی گەرما تیایدا بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی ( 40 )° سەدی.برِوانە نەخشەی ژمارە( 1 ).




نەخشەیژمارە( 1 )- هەرێمەكانی

ئاو وهەوالە كیشوەری ئاسیا

# ڕووبارەكانی كیشوەری ئاسیا

## 1- كۆمەڵەی ڕووبارەكانی باكوور :

بریتیە لەو ڕووبارانە كەلە دەشتەنزمەكانی باكووری ئاسیا تێپەڕئەبن وە بەدرێژترین ڕووبار لەقەڵەم ئەدرێن، خەسڵەتەی ئەم ئەم ڕووبارانە ئەوەیە كە زۆر بەهێواشی ڕێڕەوەكانیان دەبڕن لە باشوورەوە بەرەو باكوور دواتر ئەرژێنە زەریای بەستەڵەكی باكوور ، ئەم ڕووبارانە بەدرێژایی ساڵ جگەلەوەزری هاوین بەشی باكووری ڕێڕەوەكانیان بەستوویەتی، بۆیە ئاوكانیان ئەچێتە دیووی لێوارەكان و ڕووبەرێكی زۆری ناوچەكە بووتە ڕووبەرێكی زەلكازو زۆنگ، ئەم روبارانە بەم جۆرەی خوارەوەن :

أ- ئـــــــوب :

ئەم ڕووبارە ئەكەوێتە خۆرهەلاتی زنجیرەی چیای ئۆراڵ وەلەچیاكانی خنكانی سەرچاوە ئەگرێت وبەدرێژترین ڕووباری كیشوەری ئاسیا لەقەڵەم ئەدرێت كە دەكاتە( 5150 ) كیلومەتر، ئەم ڕووبارە رووی زەوی سیبریای خۆرئاوا ئەبرێت و ئەرژێتە دەریای كارا كە بەشێكە لە زەریای جەمسەری باكور ..

ب- لیـنـا :

ئەم ڕووبارە ئەكەوێتە خۆرئاوای زنجیرە چیای فرخۆیانسك وە لە چیاكانی ستانۆڤی و پابلۆنوڤی سەرچاوە وەرئەگرێت ودەشتی سێبریا خۆرهەلات ئەبرێت درێژیەكەی ( 4257 ) كیلۆمەترە ئەرژێتە دەریا لابتیڤ كە بەشێكە لە زەریای جەمسەری باكور .

ج- یانسی :

ئەم ڕووبارە لەچیاكانی سایان هەڵەقۆلێ وچەند لقێكی تر لە بەرزایەكانی سیبریای ناوەراست پێئەگات، درێژی ئەم ڕووبارە( 3798 )كیلومەترە بەناوەراستی دەشتی سیبریا تێپەڕ ئەبێت و دوواتر ئەرژێتە دەریای كارا..

د- كۆلینا( كۆلیما ) :

ئەم ڕووبارە تارادەیەك كورتە،لەبەرزاییەكانی كولیسكی هەڵئەقوڵێ درێژیەكەی ئەگاتە ( 1750 ) كیلۆمەترە ئەرژێتە دەریا سیبریا خۆرهەلات.

## 2- كۆمەڵەی ڕووبارەكانی خۆر هەلات :

ئەم كۆمەڵەیە پێك هاتووە لە رووبارەكانی وولاَتی چین و روباری ئاموری ڕوسیای فیدڕاڵ بە مجۆرەانەی خوارەوە :

أ- ئامور :

ئەم رووبارە لەبەرزاییەكانی یابلونۆڤی سەرچاوە ئەگرێت بەرەو ئاراستەخۆرهەلاَتی ئاسیا دەروات بەدرێژی ( 4667 ) كیلومەتر بەشێك لە سنوری نێودەوڵەتی هەردوو ولاَتی رووسیای فیدراڵ و چین پێك دێنێت وە درژێتە دەریای ئوختسك.

ب- هوانگ هو ( رووباری زەرد ) :

ئەم رووبارە لەبەرزاییەكانی (بایان كایا) كەئەكوێتە خۆرهەلاتی تەبەت سەرچاوە ئەگرێت، بە درێژی( 4345 ) كیلمەتر بەرەو خۆرهەلاَتی چین و دەشتی چینی باكوور ئەروات و دواتر ئەرژێتە دەریای زەرد، گرنگی ئەم رووبارە ئەگەرێتەوە بۆ ئەوە كە دەشتەكانی دەوروبەرو ئاوڕێژگەكەی مەڵبەندی شارستانیەتی چینی كۆن بووە.

ج- یانگستی ( كوڕی زەریا ) :

ئەم رووبارە لەبەشی خۆرهەلاَتی بانی تەبت سەرچاوە ئەگرێت بەئاراستەی خۆرهەلات، درێژی ئەم رووبارە ئەگاتە( 4989 ) كیلومەتر وە بەدووەم درێژترین رووباری ئاسیا وبە مەزنترین رووبار لە ولاَتی چین لەقەڵەم ئەدرێت.

د- سیكیانگ( رووباری لیلو ) :

ئەم رووبارە لەبەرزاییەكانی وومینگ سەرچاوە وەرئەگرێت وبەدرێژی ( 3200 ) كیلۆمەتر زەوی وولاَتی چین ئەبرێت و دوواتر ئەڕژێتە دەریای چینی باشوور .

3- كۆمەڵەی رووبارەكانی باشوور :

ئەم كۆمەڵەیە لەبەرزاییەكانی تەبەت و هیمەلایا سەرچاوە وەرئەگرن وە ئاراستەكانیان بەرەو باشوورە وە لەنێو وولاَتەكانی هیندستان و هیندی چینی دا تێئەپەرێت و دەڕژێنە هەردوو زەریای ئارام وهیندی بەم جۆرەی خوارەوە :

أ- میكۆنگ:

درێژی ئەم رووبارە( 4184 ) كیلۆمەترە بەناو هەردوو وولاَتی كەمبودیا و ڤیەتنام تێپەر ئەبێت، هەروەها ئەم رووبارە ئەبێتە سنوری نێودەولەتی هەردوو ولاَتی ڤیەتنام و ولاوس دوواتر ئەرژێتەكەنداوی تایلەند.

ب- سالۆین :

درێژی ئەم رووبارە( 2816 ) كیلومەترە لەنێو وولاَتی بۆرمادا تێپەر ئەبێت درژێتە كەنداوی بەنگال.

ج- ئیراوادی :

بەگرنگترین رووبار لە نیمچە دوورگەی( هیندی چینی ) لەقەلەم ئەدرێت دەشتی بە پیتی وولاتی بۆرما ئەبرێت بەدرێژی ( 1609 ) كیلومەتر . دوواتر ئەرژێتە كەنداوی بەنگال.

د- مینام :

ئەم رووبارە لەچوار لقی سەرەكی پێكدێت دەشتی وولاتی تایلەند ئەبڕێ بەدرێژی( 650 ) كیلمەتر ئەرژێتە كەنداوی سیام.

هـ- براهمابۆترا :

ئەم رووبارە سەرتا لە بەشی باكووری خۆرهەلاتی هیندستاندا تێئە پەرێت دواتر ئەچێتە ناووڵاتی بەنگلادیش، بەگشتی درێژی ئەم ڕووبارە( 2897 ) كیلومەتر دەرژێتە كەنداوی بەنگال.

و- كـــنـــج :

ئەم رووبارە بەگرنگترین رووبار لە وولاتی هیندستان لە قەلەم ئەدرێت وە مەلبەندی شارستانیەتی هیندی كۆن لە دەوروبەری ئەم رووبارە سەریهەلداوە، هەروەها ئەم رووبارە لەلایەن ئاینی هیندۆسیەكانەوە زۆرپیرۆزە، بەدرێژی( 1770 ) كیلۆمەتر دەشتە بە پیتەكانی باكووری هیندستان ئەبرێت وە دەرژێتە كەنداوی بەنگال .

ز- سەند :

ئەم رووبارە( 3186 ) كیلۆمەتر درێژە دەشتی سەند كە لە وولاتی پاكستاندایە ئەبرێت و دەرژێتە دەریای عەرەبی .

4- كۆمەلەی رووبارەكانی خۆرئاوای ئاسیا :

ئەم بەشە زیاتر هەردوو رووباری فورات و دیجلە لەخۆ ئەگرێت بە مجۆرەی خوارەوە :

1- فـــــورات :

ئەم رووبارە لە دوو لقی سەرەكی پێكهاتووە ( فورات مورات سو ) نزیك چیای دووملو لە توركیاوە ئەچێتە ناو وولاتی سوریا و دواتر لەخواروو شارۆچكەی( بوكەمال )ی سوریا دەچێتە نێو خاكی ئێراق دوواتر بەشی ناوەراستی ئەو وولاتەكەبە( الفرات الۆسگ )ناسراوە ئەبرێت و لەناوچەی گەرمەت عەلی لەگەڵ رووباری دیجلەیەك ئەگرنەوە و روباری( ئەرڤاند روود ) پێكدێنن دوواترئەرژێتەی كەنداوی( عەرەبی  فارسی )درێژی رووباری فورات دەگاتە ( 2736 ) كیلومەتر .

2- دیجلـــــە :

درێژی ئەم رووبارە لە سەرچاوەكانیەوە لە كوردستانی توركیاوە هەتا دەگاتە رووباری( ئەرفاند ڕوود ) نزیكەی ( 1835 ) كیلۆمەترە، ئەم رووبارە لە داوێنەكانی خوارووی زنجیرە چیای رۆژهەلاتی تۆرۆس هەلدەقولێت دواتر بەرەو شاری ئامەد( دیار بەكر ) لە كوردستانی توركیا تێئەڕێت وچەند لقێكی تر پێئەگات وەك با تمان سو، كارزان سو، بۆتان سو، دوواتر لە دووری ( 4 ) كیلۆمەتر لە باكووری گوندی فیشخا پور ئەچێتە ناوكوردستانی ئێراق و لقی خاپووری تێدەرژێ دوواتر زێ ی گەورە و زێ ی بچوك و ئاوەسپی و( رووخانە ) وسیروان، لە دووای تێپەربوونی لەچیای حەمرین وناوچەی( الفتحە ) دەشتەكانی ناوەراستی ئێراق ئەبڕێت و لە ناوچەی(گەرمەت عەلی ) لەگەلْ رووباری فورات یەك ئەگرنەوە دوواتر ئەڕژێتە كەنداوی( عەرەبی  فارسی ).بڕوانە نەخشەی ژمارە( 2 ).




نەخشەی ژمارە (2) – ڕووبارە سەرەکیەکانی کیشوەری ئاسیـــــــــــــــا

## دانیشتوانی كیشوەری ئاسیا

كیشوەری ئاسیا لە پێشەوەی كیشوەرەكانی جیهان دێت لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە، بەلآم بەیەكسانی دابەشنەبوون وە زۆربەیان لە ناوچەكانی خۆرهەلآت وباشوورەدا كۆبوونەوەتەوە، لە هەندێك شوێن رێژەی دانیشتوان زۆرچرەو لە هەندێك جێگایش زۆر كەمە یاخود هەر نیە، هۆی نایەكسانی ئەم دابەشبوونەش دەگەرێتەوە بۆ كۆمەلێك هۆ :

(أ)- روخسارەكانی ودیاردەكانی ژینگەی سروشتی كە تیایدا هۆیەكانی ئاو وهەوا وشێوەكانی رووی زەوی ( تۆپۆگرافیا ) رۆلێكی كاریكەریان هەیە لە چالاكیەكانی دانیشتوان وبەرهەمهێنان و دابەشبوونی دانیشتوان لە كیشوەركەدا .

(ب)- دەرامەتە سروشتیەكان كەم و زۆریان وە هۆیی بەدەست هێنانیان لە لایەن مرۆڤەوە كاریگەری هەیە لەسەر كۆبونەوەی دانیشتوان و ژمارە ودابەش وبونیان.

(ج)-هۆیە مرۆییەكانیش لەلایەكی ترەوە كاریگەریان هەیە لە دابەشبوونی دانیشتوان، ئەمانیش وەك لەدایك بوون و مردن و كۆچ كردن كە ئەمانە هەموویان لە تێكرای گەشەسەندنی دانیشتوانی رۆلی بەرچاویان هەیە بەگشتی چرِی دانیشتوان لە كیشوەرەكەدا، بۆ ئەم ناوچانە دابەش دەبـــــن : -

1- پشتێنەی خۆرهەلآت و باشوری خۆرهەلآت :

ئەم پشتێنەیە چەند دەولەتێك لەخۆدەگرێت وەك( چین و یابان وهەردوكوریای باكوور وباشور و تایوان و فیلپین وكەمبۆدیا و تایلەند و میا نمار( بۆرما ) وئەندونیسیا و مالیزیا ). وە ولآتی چین بەیەكەم دولەتی ئەم پشتێنەیە دادەنرێت بە پێی سەرژمێریەكان ( 65٪ ) ی كیشوەركەلە رووی دانیشتوانەوە پێكهێناوە ، دوای ئەویش دەولەتی ئەندونیسیا و پاشان یابان دێت وە زۆرترۆین ژمارەی دانیشتوان لەم پشتێنەیە دا دەكەونە دەوروبەری دەشتی رووبارەكان لە چین دا وەك دولی رووباری ( هوانگ هو ) و(سیكیانگ )، وەهەروەها میكونگ و دەشتەكەنارایەكان وە ناوچە پیشەسازیەكان لەیابان وكوریا و خۆرهەلآتی چین و دووروگەی جـــــاوە ..... هتد.

2- پشتێنەی باشوور :

ئەم پشتێنەیە دەكەوێتە باشووری ئاسیا وەولآتانی هیندستان و پاكستان و بەنگەلادیش وسیرلانكا و نیپالْ لەخۆدەگرێت. ئەم ولآتانە (32٪) لە كۆی دانیشتوانی ئاسیا لەخۆدەگرن وبەزۆری لە دۆلی رووبارەگەورەكان كە لە رووی ئابووری وكشتوكالْیەوە بە بایەخن دەژین وەك دەشتەكانی دەوروبەری كنج و سەند

وبراهمابۆترا ... هتد. وە دەشتەكانی دەوروبەری وڵاتی هیندستان بەیەكەم دەوڵەتی ئەم پشتێنەیە دادەنرێت لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە دوواتر پاكستان وبەنگەلادیش و سریلانكا .

## ڕەگەزەكانی مرۆڤ لە ئاسیـــــــا :

ئاسیا بە نیشتمانی ڕەسەنی ڕەگەزی مەغۆلی( ڕەگەزی زەرد ) دادەنرێت كە ئەمانە لە بەشی باكووری خۆرهەڵاتی كیشوەرەكە دا ژیاون كۆنترین ڕەگەزی مرۆڤیین لە كیشوەرەكەدا توێژەرەوەكان ناویان بردوون بە ڕەگەزی مەغۆلی ، كۆمەڵی( ئاینو )ڕەگەزێكی ترە كە دانیشتوانی یابانن بە ڕەگەزی مەغۆڵەكان دەژمێردرێت هەرچەندە ڕەگەزی مەغۆلی لە كیشوەرەكەدا پەرش وبڵاوە و تێكەڵ بووە لەگەڵ زۆر لە ڕەگەزەكانی تر، ئەمەش بەهۆی شوێنی جوگرافیای كیشوەرەكەبووە. كە بۆتە مەڵبەندنی جموجوڵەكانی مرۆڤ بڵاوبوونەوەیان لەم كیشوەرەوە بۆ شوێنەكانی تریش وەكوكۆچكردنی كۆمەڵی مەغۆل بەرەو كیشوەرەكانی تر لەوانە ئەمریكای باكور كە لە ڕێگای گەرووی بێرنگەوە پەڕیونەتەوە بۆ ئەمریكای باكوور ، هەندێكی تریشیان گەیشتونەتە هەردوو كیشوەری ئوسترالیا و ئەمەریكای باشوور ، ئەمەش لە سەردەمی پلاستۆسین لە چاخی جیولوجی چوارەمدابووە كە( 1 ) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا ئەو كۆچكردنە لەلایەن مەغۆل و تێكەڵبونیان لەگەڵ ڕەگەزی قەوقازی لەبەشی خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوی ئاسیادا بە یەك تێكەڵبوون وەهەندێك لەو مەغۆلانەش تێكەڵ بەڕەگەزی ڕەش پێستەكان( زنوج ) بوون.

## مەغۆلە ڕەسەنەكان ( المغول الّصلیون ) :

ئەم ڕەگەزە لە ناوەچە ساردەكانی ناوەراستی ئاسیا و باكوری خۆرهەڵات بڵاوەن بەتایبەتی شوێنی وڵاتی مەنغۆلیای ئێستا ، روخسارە سەرەكیەكیان( ڕەگەزەكانیان ) لەڕەنگی پێستیاندا دەردەكەوێت كە ناسراون بە پێستی زەرد ئێسكی دەم وچاویان لەگەڵ برۆیان زۆر بەرزە، چاویان خێڵ و قژیان ڕەشە.

## كۆمەڵەی چینیەكانی باكـــــــور :

كاریگەری تێكەڵاوی ئەم كۆمەڵەیە لەگەڵ كۆمەڵەی مەغۆلیەكاندا زۆر دەردكەوێت چونكە مەغۆلەكان كۆچیان كردووە بۆ باكوری چین، چینەیەكان باكوریش ڕەنگی پێستیان زەردێكی كاڵە، بەڵام هەرچەندە بەرەو باكوری چین برۆین زیاتر سپی تر ئەبێت وەتا دەگاتە باشووری چین شێوەی سەریان مامناوەند دەم وچاویان درێژە جگەلە مانەش روخساری مەغۆلیان پێوە دیارە ، قژیان خاوە و چاویان خێڵ و بچوكە وە ئێسكی دەم و چاویان دەرپەڕیوە.

## كۆمەڵەی چینیەكانی باشور( مەلایو وئەندونیسیا ) :

نیشانەی ڕەگەزی ئەم كۆمەڵەیە لەباشوری خۆرهەلاتی ئاسیادا دەردەكەوێ بەتایبەتی ڕەگەزی مەلایۆ و فیلپین دا هەیە بەلام زیاتر لەمەغۆلەوە نزیكن تا رەگەزی ئەندۆنیزی . چینیەكانی باشوور كورتە بالان و قەڵەون پانن و بەرزیان كەمترە لەنێوان( 156-160 ) سم رەنگی پێستیان قاوەی یە، لوتیان تە پیوە( پانن ) بەتاییەتی لە ولاتی ئەندونیزیادا كە روویان بەم شێوەیە :( سەریان مامناوندەو ، قژ رەش وە لەنێوان خاو لولودایە ، چاویان بچوكەو كەمتر خێلیان هەیە.

## كۆمەڵەی یابانی و كۆریــــــــەكان :

ئەمانیش بەوە ناسراون كورتە بالان و چاوخواری بچوكن هەرچەندە بەشێكیان ، چاورێكن بە تیابەتی پیاوكانیان وە قژیان رەشەو زبرە وشێوەی سەریان لاكێشەیی یە ، لووتیان رێك و دەم و چاو ولووتیان پانە، بەگشتی جیاوازی نێوان ( كۆری ) و( یابانیەكان ) تەنها لە درێژی بالاو قژیاندایە.

## كۆمەڵەی هیمالایا و تەبتیەكان :

ئەم كۆمەڵەیە ئەو ڕەگەز و مرۆییانە دەگرێتەوە كە لە ناوچە شاخاوییاكان دەژین و بەزۆری لەبەشەكانی ناوەراستی كشیوەرەكەدا كۆبونەتەوە لەگەڵ درێژبوونەوەی زنجیرە چیاو بانەكاندا نیشتەجێن، ئەمانە لەگەڵ مەغۆلەكان جیاوازن، بۆنموونە بالایان مامناوەندە سەریان درێژە ڕەنگی پێستیان قاوەیی یە( گەنم رەنگن ) دەم وچاویان بچوكە، وچاویان پانەو لای نەداوە وەكو مەغۆلەكان.

## كۆمەڵەی توركەكـــــــان :

لە خۆرئاواو لەهەندێ بەشی ناوەراستی ئاسیا بلاوبونەتەوە خەسلەتی ڕەگەزی تورك پێكهاتووە لەبالای مامناوەندو لەش قەلافەتی پتەو دەم وچاوی پان و لووتی درێژ وبەرز و سەروریشی پڕ لەمووقژ . وەلەهەندێ ناوچەدا روخساری مەغۆلیان پێوە دیارە،بەگشتی ڕەگەزی توركی بۆ چەند لقێك دابەش دەبن :–

( أ )  لەخۆرئاوای ئاسیا،واتە ناسراون بە تورك یان توركمان وە لەئێران بونیان هەیە ناسراون بە ( ئازەری ) یان( توركەمەن ) ، هەروەها لە كۆماری توركمانستان لەباشوری خۆرهەلاتی دەریای خەزەر( قەزوین ) بونیان هەیە،

( ب )– لەناوەراستی ئاسیا هەن لە چیاكانی تیان شان كە ئەمانە پیان دەوترێت بنچینەی قەرەغیزەكان.

( ج )– لە خۆرائاوای ولاتی چین دەژین و ناسراون بە ڕەگەزی ئیگۆر ناوچەی توركستانی خۆرهەلات یان ( شن كیانج ).

لەكیشوەری ئاسیا چەند رەگەزێكی تر هەیە كە دەچنەوە سەر كۆمەڵەی مرۆڤی قەوقازی( مرۆڤی سپی پێست ) بە مجۆرەی خوارەوە :

1- كۆمەڵەی باشوری خۆرئاوای ئاسیا :

ئەمەش دەبێت بەسێ كۆمەڵە رِەگەزەوە :

أ- وەچەكانی ( سلالە ) دەریای ناوەراست.

ب- وەچەكانی ئێرانی و ئەفغانی و كورد.

ج- وەچەی ئەرمەنی

أ- وەچەكانی دەریای ناوەراست :

زیاتر مرۆڤی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە كەدەكەونە سەر كەنارەكانی خۆرهەلاتی دەریای ناوەراست وەلەبنەرەتدا ئەم وەچەیە نەوەی( فینیقیە ) كۆنەكانن لەگەل( عیبریە )كان لە لوبنان وئیسرایلی كۆن ژیاون، بەلام دوواتر تێكەلاوی عەرەب بوون، هەروەها( عەرەب ) یش كە لە دانیشتوانی خۆرئاوای كیشوەری ئاسیا بنچینەكەیان دەگەرِێتەوە بۆ نیمچەدوورگەی عەرەب وەبەپێی قۆناغە مێژوویە جیاجیاكان كۆچیان كردووە بۆ ناوچەكانی( شام ) یان( الهلال الخصیب )، بەگشتی نیشانەی ئەم وەچەیە ئەوەیە بالاَی بەرز و لەشی لاواز و دەم وچاوی درێژ و لووتی بچوك و تەسك ، قژی خاوو هەندێك جاریش پێستیان سپی یە .

بەگشتی لەئێستادا ئەم وەچەیە دانیشتوانی ولاَتانی سوریا و لوبنان و ئیسرائیل و یەمەن وئەردەن و عەرەبستانی سعودی و ولاَتانی كنداوی( عەرەبی  فارس ) و ئێراق لەخۆدەگرێت.

ب- بنەماڵەی ئێرانی وئەفغانی و كورد :

ئەمانەش لە ئێران و ئەفغانستان و باكوری خۆرئاوای پاكستان وباكوری خۆرئاوای هیندستان بلاَوبوونەتەوە، لەرِەگەزی دەریای ناوەراست جیاوازن ، ئەمانە پێستیان رەشترە( ئەسمەر)ن بالاَیان بەرزەو سەریان درێژە و دەم وچاویان رێكە و موی سەرو دەم وچاویان زۆرە ، بەشێك لە لێكۆڵەرەوان رِەگەزی( كورد ) لە ریزی ئەم رِەگەزە لەقەڵەم دەدەن بەلام كورد زیاتر گە نمە رەنگ وسپی ترە، و رِەنگی قژیان زەردە.

ج- بنەماڵەی ئەرمەنی :

ئەمانیش بەزۆری لە خۆرهەلاَتی بانی ئەنادۆل و ئەمینیا و كەنارەكانی دەریای ناوەراست بلاَوبوونەتەوە، ئەم رِەگەزە سەریان زۆر پانەو پشتی سەریان دەرپەرِیوە و لوتیان پان بۆتەوە.

## * كۆمەڵەی نیمچە كیشوەری هیندستان :

ئەمانەیش لەرەگەزەكانی هیندی دەریای ناوەراست و رِەگەزی ئاری و دراڤیدكان وسنهالی و تامیلی و....هتد. پێكهاتووە، بەم جۆرەی خوارەوە :

(أ)  هیندی درەیای ناوەراست :

دانیشتوانی باكوری هیندستان پێكدێنێت وەبەزمانی ئاری( هیندو- ئورپی ) قسەدەكەن، ڕەنگی پێستیان بەشێكی كاڵە لەشیان لاوازەو بالآیان بەرزەو قژ لولو و رەشن.

(ب) كۆمەڵەی دراڤیدیەكان : ئەمانەیش جیاوازن لە هیندیەكانی باكور لە ڕووی نیشانەو رەگەزەكانیاندا، پێستی لەشیان زۆر رەشە ،بالآیان مامناوەندە، قژلوولن ، زیاتر لەناوەراست وباشوری هیندستاندا دەژین، هەروەها دانیشتوانی دوورگەی سریلانكا لەم كۆمەڵەیەن، لەكاتی خۆی لەهیندستان بەرەو سریلانكا كۆچیان كردووە وەلە نیمچە دوورگەی( جەفنا )كە لە باكوری سریلانكایە جێگیر بوون ( واتە تامیلیەكان ).

بەگشتی لە كیشوەری ئاسیا جگەلەو لە رەگەزانە ئاماژەیان پێكرا چەند ڕەگەزێكی تر كە كەمینەن بوونیان هەیە لەوانە رەگەزی( نتسی و نجاناساتی ) كەلە نزیك ناوچە جەمسەریەكان لە باكوری ئاسیادا دەژین، وە ڕگەزی( ئاینۆ ) كە لە باكوری یابان و دوورگەی ( سەخالین ) دا دەژین، وەرەگەزی( فیدا ) كە لە ناوچە دارستانیەكانی ناوەراست و باشوری هیندستاندا دەژین، هەروەها( میلانیزی ) كەرەگەزێكی بالآكورتن( قەزم ) دەبن بەدوو بەشەوە، یەكەم بەشیان ناسراون بە( تجریتۆ ) لە دارستانە چڕەكانی ناوچەكانی یەكسانی وخولگەیدا بەگۆشەگری ژیان دەبەنەسەر بە تایبەتی لە دوورگەكانی( مەلایو ) و( ئەندامان )، وەبەشی دووەمیان ناسراون بە( پابوان ) لە دوورگەی( غینیای نوێ ) و( ڤیجی ) بلآوەبونەتەوە.